# دەبوایە ئۆپۆزسیۆن ریفۆرمەر بوایە نەك روخێنەری دەسەڵات..!!!

"بۆشایی دەسەڵات ئۆپۆزسیۆن پڕیناکەتوە بەڵکو مالکی، کوماری ئیسلامی یانیش تورکیا پری دەکاتەوە".

لە سەرەتای گوتاری خۆیدا ماموستا حسێن یەزدانپەنا تیشکی خستە سەر سێ رووداوی مێژووی کورد، وەکو دەستکەوتەکانی سەرەکی سەلماندیتەوە: یەکەمیان شۆڕشی شێخ مەحمودی حەفید لە باشوری کوردستان. دووەم دامەزراندنی "دەوڵەتی جمهوری کوردستان" کە زیاتر بە ناوبانگە بە کوماری مهاباد. سێیەم ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە حوکمرانی و سیستەمی فیدرالیدا لە 1991ەوە.

یەزدانپەنا هۆیەکانی ئەم دەستکەوتانەوە دەگەڕێنیتەوە بۆ ئیرادەی کورد و دەرفەتەکانی هەرێمی وجیهانی بە هاوکێشەیی لە معادلە جیهانی بۆ کورد هاتونەتە پێش و کورد کەلکی لێی وەرگرتوە.

حسێن یەزدانپەنا جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان و ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش سیاسەتمەدارێکی لێهاتو و حەکیم ناسراوە، زۆر بە شەفاف و سادەیی و بەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستان کاری حزبی و گوتار پێشکەش دەکات، هەتا ئەگەر بەرژەوەندیە باڵاکان لە بەرژەوەندی حزبی خۆیدا نەبێتیش. هەر لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپانە پارتی ئازادی کوردستان دژ بە خەباتی چەکە لە ئێران. بەڵام لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی و کومەڵایەتی و لە ناو خۆدی ئۆپۆزسیۆنی ئێران ئەکتەرەکی بە هێز و رامانە.

لە دوایین کۆبوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش لە کولن (ئەڵمانیا) پارتی ئازای کوردستان بە هەماهەنگی لە گەڵ هەر چۆار حزبی تری رۆژهەڵات توانیویەتی بە یەك رێزی ناوخۆیی و یەك بەرنامە سەنگی خۆی لە ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێران فراوان و زلهێز بکەت. کە ئێستە قەوارەی کورد بە هێزترین پێگەیە لە ناو ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا... بەرهەمی ئەم یەکرێزییە و یەك گوتارە لە داهاتودا سودبەخشی بۆ بەر دەرومالّی هەموو کوردستانییەك دەگەیێنێتەوە. ئەمەش دەرئەنجامی پەیرەوکردنی سیاسەتەکی بنەمایی و ئاوەدانکراوییە و بۆ ئایندەیەکی قەشەنگیش وەبەرهێنانە لە سەر رووی کوردستانی رۆژهەڵات و لەسەردەستی نشتیمانپەروەرانی وەکو حسێن یەزدانپەنا.

لە سەر ئاستی کوردستانی باشووریش بەرێز حسێن یەزدانپەنا لە راپەڕینەوە تا ئەمروی هەرێم دیدەڤانی رەوشی هەرێم بویتە و لە نزیکەوە ئاگاداری بیروڕای جیا و ئاڵوگۆرینەکان و تەنگژەیەکانی بوتەوە.

یەزدانپەنا دەڵێت ئەگەر خۆی ئیستە ئۆپۆزسیۆنبایە لە هەرێم هەوڵی نە دەدا بۆ رۆخاندنی دەسەلات بەلکو هەولی دەدا بۆ چاکسازی لەبەر ئەوەی هەر وکو خۆی دەفەرمووت: "بۆشایی دەسەڵات ئۆپۆزسیۆن پڕیناکاتەوە بەڵکو مالکی، کوماری ئیسلامی یانیش تورکیا پری دەکاتەوە".

یەزدانپەنا بە نیگەرانی سەیری جمجوۆلّی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان دەکات بە تایبەت لە رووی راگەیاندنەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە کە بە سیستمێکی دارێژراو راستیەکان بە پێچەوانە دەیگێرن. هەروەها پەنادانی مێرمنداڵان بۆ سەر شەقام بۆ ئاژاوەگێری لە ژێر پەردی بەهاری کوردی لە لای حسێن یەزدانپەنا بە هەڵەیەکی گەورە لەقەلم دەدرێت. لە لایێکی ترەوە ئاشکرای کرد کە رەفتاری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان زۆر جار نەرمتربوە لە گەل خۆپیشەندەران و بە بەراورد لە گەل رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست بە ئەو هەمو گوشارو کوشتنو لێدانی خۆپیشاندەرەکانیان، بەلکو لە هەرێمی کوردستان زیان زیاتر بەر پۆلیس و ئاسایش و کارمەند کەوتوتەوە لەوەی بەر خۆپیشاندەرانی بێ مۆلەت کەوتوبێت.

بە دیدی ئەو: "کوردستان بە هەموو کەموکوریەوە ئەزموونەکی سەرکەتووە و رەوشەکەش بەسەر هەر چۆار پارچەی کوردستان دارێژراوە، کوردستانی پارچەکانی تریش کەڵك لە هەرێمی کوردستان دەبێنن و لە هەمان کاتیشدا بۆ پارچەکانی تری کوردستان گەورەترن پالپشتە".

" نابێ کورد هەوڵی رۆخاندنی دەسەلات بدەت لە هەرێمی کوردستان و بە ئجێندەی دەرەکی مالی کورد تێکیبدات، دەبێ هەموو کورد کەلك وەرگرن لە بەهاری عەرەبی و بە دەرفەتێکی گەورەرە بزانن بۆ دروستکردن و دانانی قەوارەیەکی سەربەخۆ. کورد لە بەرئەوەی چواردەوروبەری گیراوە دەبێ دەرفەتی هەرێمی و جیهانی و هاوکێشەی معادەلەی جیهانی لە دەست نەدات. و دەبی هەمووشمان پشتوانی لە هەریمی کوردستان بکەین."

**ئەمە پۆختەیەك بووە لە درێژایی گوتاری رێزدار حسێن یەزدانپەنا لە کورێك کە هەفتەی رابردوو رێکخرابو لە لای کۆمیتەی هۆڵەندای پارتی ئازادی کوردستان لە شاری ئارنهێم. ناوچەی هۆڵەندا بە داوەتنامە بەژداربووە و چەپڵە گۆلی رێزلێنانیان پێشکەشی بەرێز حسێن یەزدانپەنا کرد.**

شوکت غازي